# مەنتقی ڕێبەریی داگیرکاری

تاریق عەلی/ 25.09.2005
وەرگێڕانی: عوسمان ـ م

لە حاڵی حازردا ڕێکەوتنێکی گشتی لە عێراق حوکم دەکا: داگیرکاریی ڕۆژئاوا بوەتە موسیبەت و بەڵا. بە پلەی یەکەم، بۆ خەڵکی عێراق و دوهەم بۆ سەربازانی ئەمریکایی. سەربازانێک کە لە لایان سیاسەتمەدارانی شەڕانییەوە ناردراون بۆ وولاتێکی بێگانە کە لەوێ بمرن. زمانێکی فریودەرانە و ریاکارانە کە بوش، بلێر و پارێزەرانی جۆراوجۆری نئوکونسرواتیو و نئولیبرالیسم بەکاریان دەبرد تا ئەم شەڕە پاساو بکەن و دیفاعی لێ بەکەن، سیقە و متمانەی خۆی لەدەست داوە. سەرەڕای بونی پروباگاندە و ڕاپۆرتی جۆراوجۆر و نیشاندانی وێنە خوێناویەکان بەڵام ئەمە شتێک لە راستیەکان ناگۆڕێ.

تەنیا ڕێگا چارەی راستەقینە چونە دەرەوەی دەست بە جێی سەربازە خارجیەکانە لە عێراق. مێژوی راستەقینە لە بیری میللەتێک دا دەمێنێتەوە. بۆ ئەمپراتوری ئەمە خۆی کۆسپێک کە لە وێنەی جونراید وەزیری برگریی بریتانیا و سەروک وەزیرانی عێراق لە تەنشت یەک خۆی نیشان دەدا. وێنەیەک کە وەبیر هێنەرەوەی وێنەی ئانتونی ئادن لەگەڵ نوری سەعید لە شەقامی دوینگی ئینگلیس برێک بەر لە شۆڕشی 1958 لە عێراقە. شۆڕشێک کە لە ئاکامیدا ئینگلیسیەکان لە عێراق کرانە دەرەوە.

ئەم دەلیلە کە گۆیا چونە دەرەوەی ئامریکا لە عێراق دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆ، بەتەواوی پوچ و دور لە ڕاستییە. ئایا داگیر کردنی عێراق شەڕ و کێشەی قومی و مەزهەبیی لە عێراق پەرە پێ نەدا؟

دوبەرەکێ پێک بێنە و حکومەت بکە مەنتقی مەرگ هێنەری ئێستێعمارە. نیشانەکانی کۆتایی ستراتیژیی ئەمریکا بە مانای سەقامگیر بونی دایمی لە عێراق بە رونی دەبینرێ.

لە دەستوری بنەڕەتیی نوێی عێراق کە لە لایان خەلیلزاد سەفیری ئەمریکا چاپ کراوە، ئەم ستراتیژیە بە ئاشکرا دەبینرێ و بەیان کراوە. یاسای بنەڕەتیی نوێ بەڵگەیەکی زیندوە بۆ پارچە پارچە کردنی عێراق. عێراقێکی لەت لەت کراو کە پێک دێ لە کوردستان (پشتیوانانی ئەمریکایی/ ئیسرایلی)، جنوبی عێراق ( لە ژێر ڕەخنە و نفوزی ئێران)، و ناوچەی سوننە/ بەعسی (لە ڕێگای پولیسی دەوڵەتیەوە کونترۆڵ دەکرێ و لە لایان کەسانی جێگای متمانەی حیزبی بەعسی پێشوی ژێر سەیتەرەی بریتانیاییەکان و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا). ئەم مەسەلەیە چی مانایەکیتری هەیە بێجگە لە بانگهێشت نامەیەک بۆ شەڕی ناوخۆ؟

داگیر کردنی سەربازیی عێراق لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسیەوە هەم زیان هێنەر بوو و هەم زەبری لێ کەوت. ئەوەیکە هەر ئەم دواییانە لە بەسرە رویدا، پەیوەندە بە ترسی ڕۆژئاواییەکان لە ڕێبەریی ئێران. لە سەرەتادا بریتانییەکان سەربازانی الصدر یانی کۆیلەکانی لایانگری ئێران (فراکسیونی شیعەکان) هان دەدەن کە مقاومە بکەن و ئێستا پێیان سەیرە کە بۆ بەراستی ئەوان سەربەخوییان دەوێ. بەراستی بۆ؟

مەلا حاکمە ئێرانیەکان لە بابەت وشە بە وشەی ئەم قسانە دەتوانن پێ بکەنن. چەند مانگ لەوە پێش جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێران لە کونفرانسێکی ناوچەیی لە ئاماراتی غەربی بەشدرای کرد. شێخەکان پرسیاریان لێ کرد کە لە هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ناترسێ؟ ناوبراو لە کاتێکدا پێدەکەنی وتی: 'ئەمریکاییەکان

هیچکاتێک بە بێ ئێمە نەیاندەتوانی ئەفغانستان یان عێراق داگیر بکەن. ئەوان دەزانن و ئێمەش دەزانین کە ئەگەر ئەوان ئێران داگیر بکەن ئەمە بەو مانایە کە ئەوان دەبێ لەم دوو وولاتە بڕۆن'.

تا ئاستێک لە ناوخۆش دا (ئەمریکا) بە شەڕ حکومەت دەکا. شەڕێک لە دژی ئازادیەکانی شارۆمەندان. شەڕێک لە ژێر ماسکی "بەرگری بەرانبەر بە تیرور". لە هەموان گرنگتر لە پشتەوەی زەبرەکانی تیرور دا هەمیشە نهێنیەک هەیە. "ئێمە رێگا نادەین کە ئەم هێرشانە رێگامان بگۆڕن".

بەڵام ئەوان ڕاست هەر ئەم کارە دەکەن. ئەلەکساندر پوپەی شاعێر دەنوسێ: "ئوە، داهاتوەکان ئیتر هیچکاتێک نابێ لەگەڵ لەعنەتی پیاوێکی بێگانە و یان ناحەقیی یاسا دا بەرەوڕو بن".

سێ سەدە دواتر، ئەوەتا زیندانی گوانتانامومان هەیە. زیندانی ئەبوغرێب و زیندانی ئەمنی بلمارشی بریتانیاییمان هەیە. برێک لە ئینسانەکان کە لەوێدا بۆ ماوەیەکی نادیار بە بێ محاکمە زیندان کرابون، لەم ماوەیەدا شێت بون و گواستراونەتەوە بۆ بەشی دەرونیی زیندان. جین کارلس منزس لەبیر نەکەین، کەسێک کە ئاشکرا لە دار درا. ئێمە ئەو تەقلایانەی کە بۆ داپۆشینی ئەم کردەوەیە کردیان لەبیر نەکەین.

هەتا تونی بلێر سەروک وەزیرە، هیچ چونە پێشێک لە رێگای ئاشتیدا نابێ. لە دواییین هەڵبژاردن دا تەنیا لەسەدا 35 دەنگیان پێدا، کە لە راستیدا لە سەدا 1/5 ئەوانەیە کە دەتوانن دەنگ بدەن. لە مێژوی مودێرنی ئوروپا دا هێچ حیزبێکی دەوڵەتی بەم دەنگە کەمە نەگەیوەتە دەسەڵات. بریتانیای مەزن لەگەڵ قەیرانی دێموکراسی بەرەوڕویە: زۆرینەی خەڵک لەدژی شەڕی عێراقن. زۆرینە خوازیاری گەڕانەوەی ئەرتەشی بریتانیان لە عێراق. لەسەدا 66 ی خەڵکی بریتانیا لەو باوەڕەدان کە تەقینەوەکانی لەندەن ئاکامی راستەوخۆی بریاری بلێر بوو لە ناردنی ئەرتەشی بریتانیا بۆ عێراق. کە وایە ئێمە دەلیلی مەنتێقیمان هەیە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان. ئێمە دەمانەوێ بە وەرێخستنی خۆپێشاندان خوازیاری کۆتایی هاتن بە شەڕ و تیرۆر و لە نیهایەت دا کۆتایی هێنان بەم داگیرکاریە بین.